


# تووركیا به‌فلیمێكی شۆڤێنی فرمێسكی تیمساحی بۆ گه‌لی عێراق ده‌ڕێژێت

ئه‌رده‌لان عه‌بدوڵڵا

له‌ دیسه‌مبه‌ری ساڵی 2003 دا ، له‌ كوردستان كۆمه‌ڵێك جه‌نراڵی درنده‌ی تووركی ، له‌لایه‌ن ئه‌مه‌ریكاوه‌ گیران. ئه‌م رووداوه‌ به‌شێوه‌یه‌ك ئێجگار هیستیری حكومه‌ته‌ شۆڤێنیه‌كه‌ی تووركی هه‌ژاند . هیستریاكه‌ به‌جۆرێك بوو كه‌ زۆر كه‌س چاوه‌ڕێی شتی وای نه‌ده‌كرد . به‌ملیۆنه‌ها كه‌س له‌ شاره‌كانی تووركیا خۆپیشاندانیان كردوو ،به‌ ئاشكرا داوای له‌ناوبردنی گه‌لی كوردیان ده‌كرد. له‌ میدیاكانه‌وه‌ خه‌ڵكی سه‌رجاده‌یان هان ده‌داو هه‌موو داوای تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌یان ده‌كرد. له‌وه‌تی ئه‌مه‌ریكا عیراقی داگیركردووه‌ ، په‌یوه‌ندی نێوان تووركیاو ئه‌مه‌ریكا ساردی تێكه‌وتووه‌ . تووركیا هه‌روه‌ك باوكی شۆڤێنیه‌تی تووركی ( بڵند ئه‌جاوید) ووتی ( كورد له‌ ئه‌فه‌ریكاش بێت دژایه‌تی ده‌كه‌ین) ، ئه‌م ووڵاته‌ شۆڤێنیه‌ بچووكترین ماقی حه‌یوان گه‌ر بدرێت به‌ مرۆڤێكی كورد ، ئه‌وان تووشی هیستریا ده‌كات . هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئه‌مرۆ ئه‌و كه‌مه‌ ماڤه‌ی كه‌كورد به‌ده‌ستی هێناوه‌ ( **دیاره‌ به‌قاره‌مانی گه‌له‌كه‌ی نه‌ك به‌ترسنۆكی سه‌ركرده‌كانی** ) ، لای ئه‌وان گه‌وره‌ترین ته‌عدایه‌ لێیان كراوه‌ . ئه‌وان ناتوانن كوردێك به‌سواری كه‌رێكی شه‌له‌وه‌ ببینن ، ئێستا سه‌یر ده‌كات كورد سواری جێبی ئه‌مه‌ریكی ده‌بێت و جه‌نراڵی له‌شكره‌ درنده‌ وه‌حشیه‌كه‌ی كه‌ به‌خوێنی كورد هه‌موو كه‌ڵبه‌یان سوور بووه‌ ، وا كوردێك گوێنی ره‌ش ده‌كاته‌ سه‌ر ئه‌م جه‌نه‌ڕاڵه‌ . ئه‌وان هه‌ر فێربوون به‌یارمه‌تی ئه‌مه‌ریكا ، سه‌ركرده‌ی كورد باڵبه‌ست بكه‌ن و ره‌وانه‌ی زیندان بكه‌ن، كه‌چی ئێستا ده‌بینێت وا ئه‌مه‌ریكا له‌گه‌ڵ كوردێكی پێشمه‌رگه‌ گوێنی ده‌كاته‌ سه‌ر پیاوه‌ خوێناویه‌كانی .
هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئه‌م رووداوه‌ به‌هیچ شتێك له‌بیریان ناچێت. ماوه‌ی دووهه‌فته‌یه‌حكومه‌تی تووركی فلیمێكی شۆڤێنیانه‌یان له‌ سه‌ر ئه‌م رووداوه‌ دروست كردووه‌. ئه‌م فلیمه‌ كه‌ به‌ناوی ( دۆڵی گوورگه‌كان له‌عێراق) . ئه‌م فلیمه‌ باسی چۆنێتی گیرانی ئه‌م جه‌نراڵانه‌ ده‌كات ، له‌هه‌مانكاتیشدا باسی درنده‌یی ئه‌مه‌ریكا له‌عێراق ده‌كات . ئه‌م فلیمه‌ 10 ملیۆن دۆلاری تێچووه‌ و حكومه‌تی تووركی ( به‌تایبه‌ت له‌شكرومیت ) یارمه‌تی داوه‌ . له‌ هه‌موو میدیاكانی تووركیاوه‌ ریكلامی بۆ ده‌كرێت و هانی خه‌ڵكی ده‌ده‌ن كه‌ بچن بۆ سه‌یری . له‌ 10 رۆژی یه‌كه‌مدا دووملیۆن و نیوو خه‌ڵك چوون بۆ سه‌یری ئه‌م فلیمه‌ . هه‌روه‌ها له‌ 65 سینه‌مای ئه‌ڵمانیاشدا ئه‌م فلیمه‌ پیشان ده‌درێت. تووركه‌كانیش هه‌روه‌ك بڵێیت بۆ كوشتنی كورد ده‌رۆن ، هه‌موو به‌ڵێشاو ده‌چن بۆسه‌یركردنی ئه‌م فلیمه‌. لێشاوه‌كه‌ به‌شێوه‌یه‌كه‌ ،كه‌ زۆر له‌میدیا و سیاسیه‌كانی ئه‌ڵمانیا به‌چاوێكی نێگه‌تیڤانه‌وه‌ سه‌یری ده‌كه‌ن . (ئێدمۆند شتۆیبه‌) سه‌رۆكی ویلایه‌تی بایه‌ر ووتی: ( ئه‌م فلیمه‌ دژی رۆژئاوایه‌ به‌گشتی و ئه‌مه‌ریكا به‌تایبه‌تی ، فلیمه‌ كه‌ش وا پێشان ده‌دات كه‌ ئه‌مه‌ریكا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوپەیمانی کوردوجوولەکە یە ، هەر بۆیە بەخراپی باسیشیان دەکات ) . وەزیری ناوخۆی بایەریش ووتی :( هێشتا لە کاریکاتۆرەکانی دەنیمارک ڕزگارمان نەبوو ئەم فلیمەیان بۆ دروست کردین ، ئەم فلیمە بەئاشکرا دژایەتی رۆژئاوا دەکات ) . کەناڵی دووی ئەڵمانیاش ( تسێ دێ ئێف) راپۆرتێکی دوورودرێژی لەسەر چۆنێتی هەڵسووکەوتی توورکەکان لەناو هۆڵەکانی سینەمادا پێشان دا . توورکەکان کاتێک کە جەنەڕاڵەکان لە کورد دەدەن ئەمانیش هاواری خۆشی دەکەن ، یان دەست بەچەپڵە لێدان و شیعارات لە دژی کورد دەڵێن ، کە فلیمەکەش تەواو دەبێت هەموو بە چەپڵەو سروودی نیشتمانیەوە دێنە دەرێ. هەروەک ئامادەکاری بەرنامەکە ووتی : ( کە ئەم دیاردەیە تەنها لەکاتی هیتلەردا هەبووە) . کەناڵی یەکی ئەڵمانیش ( ئا ئێڕ دێ) ، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دەرهێنەری فلیمەکە کرد ، کاتێک پرسیاری ئەوەیان لێکرد بۆچی وا فلیمەکەی وورووژێنەرە لە دژی رۆژئاوا ، ئەویش زۆر **توورکانە !** ووتی ( زۆر ئاساییە ئێمە دژایەتی ئەمەریکا بکەین ، ئەی بۆچی سەدەیا فلیم لەهۆلیوود لە دژی گەلانی ڤێتنامی وئیسلام بڵاو دەکرێتەوە) . ئەم توورکە خۆی لێبووبوە هۆشیمنەو سەلاحەدینی ئەیووبی ، بەناوی گەلی ڤێتنام و ملیاردێک مووسڵمانەوە شەری لەدژی گەلی ئەمەریکا دەکرد . لەبیری چووبوو کە هۆشیمنە هیچ کات ووشەیەکی فاشیانە لە لەدژی گەلی ئەمەریکا لە دەمی نەهاتە دەرەوە، هەرچەندە لەشکری ئەمەریکا ووڵاتی ڤێتنامیان سووتاندوو دوومليۆن و نیو ڤێتنامیشیان کوشت . بەڵکە بەپێچەوانەوە ئەو گەلی ئەمەریکی بە دۆستی خۆیانی دەزانی ، هەر بۆیە لەکۆتایشدا گەلی ئەمەریکی دژی حکومەتەکەی وەستایەوەو شەر کۆتایی پێهات . لێ لەبەر ئەوەی ئەمان خۆیان شۆڤێنیانانە بیردەکەنەوە ،هەر وادەزانن کە هەموو جیهانیش وەک ئەوان بیردەکاتەوە. ئەم فلیمە زیاتر بۆ رەحەت کردنی گیانی نەخۆشی فاشی توورکە ، بەرامبەر بەو ئیهانەیەی کە کرایەسەری . ئەم فلیمە هەر لە سەرەتاوە شۆڤێنیانە بۆ کێشەکان دەڕوانێت ، جارێک هەرناوەکەی مەفهوومێکی فاشیانەی هەیە ، چونکە دەیەوێت بڵێت کە گەلی کورد و ئەمەریکی گوورگن ، کوردستان و عیراقیشی بە دۆڵێک شوبهاندووە. هەربۆیە ئەم فلیمە بۆ دژایەتی کردنی کوردە بەگشتی و پارتیش بەتایبەت. لەفلیمەکەدا لەدوو سێ شوێندا (جامانە سوور) دەردەکەوێت. لەیەکێک لە دیمەنەکان جەنەراڵێکی توورکی بۆگزێک لە جامانە سوورێک دەدات ولووتی دەشکێنێت، لەشوێنێکی تر کاتێک کە جەنەڕاڵە توورکەکان دەگرن ، دوو جامانە سووری تر دەردەکەون . خۆی ئەمە درۆیە چونکە ئەم جەنەڕاڵانە لەسنووری پارتی نەگیران ، بەڵکە لەسنووری یەکێتی دا گیران . لێ ئەوان بە ئەنقەست ئەم دیمەنەیان دروست کردووە. لەپاش ئەوەی مەسعود بەرزانی ووتی (کوردستان دەکەمە گۆرستان بۆ توورک) ، توورکیا زۆر دژایەتی پارتی دەکات . ئەو کاتە میدیاکانی توورک زۆر ناشرینانانە هێرشیان بۆ مەسعود هێنا ، رۆژنامەی ( حوریەت ) نووسی بووی (کە بنەماڵەی بەرزانی بەئەسڵ جوولەکەن).جوولەکەش لای ئەوان شتێکی خراپە ( هەرچەندە ئیسرائیل گەورەترین هاوپەیمانیانە) . ئەوان هەر فێری ئەوەبووبون کە جامانە سوور پێشیان کەوێت و ڕاوە (پێکاکا) ی پێبکەن . ئەوان هیچ کات چاویان بەرایی نایەت کەجامانە سوورێک ببینن لەپەنا جەنەراڵێکی ئەمەریکیەوە دابنیشێت و جەنەراڵی توورک بگرێت . لەلایەکی ترەوە ئەم فلیمە پڕیەتی لە فشە. بۆنموونە کاتێک کەجەنەرالەکان دەگیرێن ، یەکێکیان ئالای توورکی ماچ دەکات و خۆی دەکوژێت. دیارە ئەمەگەورەترین فشەیە ، چونکە بەدیار چاوی عالەمەوە ئەم پاڵەوانانە،بوونە قەلەموون و گوێنیان کرایە سەر . تەنانەت یەکێکیان لەترساندا بە ئەمەریکیەکەی ووتبوو ، **( من دۆستی خۆتانم لەئەمەریکا خوێندوومە!)** . لەشکری توورک ماوەی پەنچا ساڵە کڵاوی ئەمەریکی دەکاتە سەر . پەنجا ساڵە وەکووسەگێکی هاری ئەمەریکا ،پاسەوانی پێدەکەن لە دژی سۆڤێت . ئەو سۆڤێتەی کە بە رۆبڵە سوورەکانی ، کۆمارە خوێناویەکەیان دروست کرد . کەچی پاشان زۆر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




دڕندانە کەوتنە دژایەتی کردنی . چل ساڵی ڕەبەق لە پەنا سنوورەکانی ئەوروپا دانیشتووە و چاوەڕێی چوونە ژورەوە دەکات ، ئەوانیش  نایکەن . توورکیا بۆیە ئێستا دژایەتی ئەمەریکا دەکات ، چونکە ئەوان دایان نابوو ئەمەریکا حسابی شەڕیکیان لەعێراق دا بۆ بکات ، لێ ئەمەریکا پێویستی بە شەڕیکی ئەوان نەبوو. ئەمەش لەقازانجی خەڵکی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەت بوو. گەر ئەمە ریکا ڕازی بوایە ، ئەوا ئێستا نیوەی عێراق قەڵتانی خوێن کرابوو .

لەکۆتایدا دەڵێم بەراستی گەر توورکیا بیەوێت بەم جۆرە فلیمانە فرمێسکی تیمساحی بۆ گەلانی عێراق برژێت ، ئەوا باشترە هەر سیر بخوات و جارجارەش زوورنا لێبدات . ئاخر خۆ عەرەب گەر مێژووی خوێناوی توورکی لەبیر چووبێت ، ئەوا خۆ عەرەبەکانی ناو توورکیا دەبینن و دەزانن چۆن توورک هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکەن ؟! ئاخر خۆ توورکیا بوو ولایەتی ئەسکەندەروونەی داگیر کرد. **ئاخر خۆ هەموو دەزانن توورک فرمێسک بۆ ولایەتی موسڵ و نەوتەکەی دەرژێت ، نەک بۆ گەلی عێراق .**

ئەڵمانیا .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com